The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# ناوەندی چاک و کۆنفرانسی سەد ساڵەی سەرهەڵدانی سمکۆی شکاک.

10.11.2007

ئەم کۆنفرانسە لە لایەن ئینستیتوتی کوردی لە برۆکسل و کۆمەڵێک لە ڕێکخراو و کەسانی هێژاوە ڕێکخرا لە زانکۆی ئوسلۆی پایتەختی نەرویج.

کۆمەڵێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی بە گەرمووگوڕی بەشداریان کرد لەم کۆنفرانسەدا کە لە سەعات 9.30 ی بەیانیەوە تا سەعات 6 ی ئێوارە بەردەوامبوو. یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە بەشداری کرد لەم کۆنفرانسەدا و پەیام و پێشنیاری خۆی پێشکەشکرد کۆمیتەی نەرویجی ناوەندی چاک بوو.

ئەمەی خوارەوە کورتەیەک بوو لە دەقی پەیام و پێشنیاری ناوەندی چاک بۆ کۆنفرانسی ناوبراو.

ڕێکخەرانی کۆنفرانسی سەد ساڵەی سەرهەڵدانی سمکۆی هێژا! پیرۆزبایی و دەستخۆشی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێدەکەین، شکۆداربێت یادی سمکۆی شکاکی خەبات گێڕ و هەمیشە زیندو، شکۆداربێت زیندو ڕاگرتنی مێژووی خەباتگێڕانی گەلی کوردی ستەمدیدە و خۆڕاگر و سەربەرز بەرامبەر بە دوژمنی سەرسەخت. ئەم جۆرە خەباتەی ئەمڕۆ مۆدێلێکی زیندو و باوە بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا و دیموکراتدا، کارێکی گەلێک پیرۆزە دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەی مێژوویی پڕ لە شانازی و سەروەری و شۆڕشگێڕیتی گەلەکەمان سازبدرێت و هەمیشە زیندو ڕابگیرێت و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی لەسەر بکرێت و ڕاستیەکان بخرێتە بەر چاوی نەوەی نوێ، تا ببێت بە وانەی بەبایەخ و بە پێز بۆ مان. گەرمووگوڕی قسەکانتان دەریخست کە ئێوەی هێژای کۆڕگێر چەند پڕ لە ئەزموون وشارەزان لە مێژووی خەباتی سمکۆی شکاک و هەموو بزوتنەوەی گەلی کورد. هاتنی ئەو هەموو کوردە بەڕێزەش بۆ ئەم کۆنفرانسە ، نیشانیدا کە چەند ڕەهەندی کورد نەفەسی درێژە و خەمخۆرە بۆ وڵات و گەلە ستەمدیدەکەی. دووبارە دەستخۆشیتان لێدەکین و پیرۆزبێت و ئەم پێشنیارەش دەخەینە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست، هیوا دارین دڵتان گەورەبێت و لێمان قبوڵبکەن.

پێشنیار:

لە قسەکانی مامۆستا عەبدوڵا حیجابی هێژادا دەرکەوت کە تا ئێستا گەلی کورد بۆ خۆی لێکۆڵەرەوەی جڤاکی و سیاسی مێژوویی نەبوە، یان زۆر کەمی هەبوە، ئەوەی کە مامۆستا ئاماژەی پێدا تەنها لێکۆڵەروە ئەوروپیەکان لە سەر مێژوی جڤاکی و سیاسی گەلی کورد نوسیویانە، وەک: لێکۆڵینەوەکەی( مارتن ڤان برۆنەسن) کە د.کوردۆ کردویەتی بە کوردی(ئاغا و شێخ و دەوڵەت). لێرەوە بە پێویستی دەزانین کە ئەم کۆنفرانسە بەردەوامبێت، ئەم تیشکەی ئەمڕۆی نەکوژێتەوە، زیاتر بەرهەمی دەرکەوێت، ئەو کەلێنەی کە لە خەباتی گەلی کورددا هەیە لە نەبوونی نوسینەوە و لێکۆڵینەوەی جڤاکی و سیاس و مێژووی خۆی بە دەستی خۆی، ئەم کۆنفرانسە پڕی

بکاتەوە بە دامەزراندنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی مێژووی جڤاکی و سیاسی گەلی کورد لە ئەوروپادا و بە سەرپەرشتیاری ئینستیتوتی کوردی لە برۆکسل و ئینستیتوتیەکانی تری کوردی لە وڵاتانی تردا.

کۆمیتەی نەرویجی ناوەندی چاک

10.11.2007 Chak.norge@yahoo.com www.chak.info